
adidas

لە دیمانەیەکی تایبەتدا بۆ(گوڵان):

## (رائوول)ی یاریزانی پێشووی ریال مەدرید و ئێستای سەددی قەتەر:

# ریاڵ مەدرید ماڵی منە و حەز دەکەم رۆژێک بێت بگەڕێمەوە ئەو یانەیە





**کاتێك باس لەیاریزانانی تۆپی پێی ئیسپانیا دەکرێت،پێویستە ناوی یاریزانی بلیمەت وبەتوانا رائوول گۆنزالیس لە پێشەوەی یاریزانە ناودارەکان ریزبەند بکرێت، ئەو هەر لەتەمەنی (١٥)ساڵیدا چووە ریزی ریال مەدرید توانی هەر زوو لێهاتوویی وەرزشیی خۆی بسەلمێنێت، ئەم یاریزانە لە ریزی ریال مەدرید بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠٠٩ بوو بە گۆڵکاری مێژووی یانەکەی بە تۆمارکردنی ٣٠٧ گۆڵ، هەر لەگەڵ ئەم یانەیەدا شەش جار خولی ئیسپانیا و سێ جار جامی سوپەری ئیسپانیا و دوو جاریش جامی ئەنتەرکۆنتینتالی و سێ جار خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و یەك جاریش جامی سوپەری ئەورووپای بە دەستهێناوە.**

**لە کاتی چوونم بۆ یانەی سەد دڵەڕاوکێکی زۆرم هەبوو، کە یاریزان رائوول داوایەکی من بۆ ئەنجامدانی دیمانەیەکی تایبەت رەتبکاتەوە، دوای ئەوەی بەرپرسی راگەیاندنی یانەکە تەئکیدی لە زەحمەتی ئەنجامدانی ئەم دیمانە کرد و باسی دروستبوونی کێشەیەکی بۆ کردم لە نێوان هەردوو کەناڵی ئەلجزیرە سپۆرت و کەناڵی دوری و ئەلکاس لەگەڵ یاریزان رائوول بەهۆی رەتکردنەوەی یاریزانی ناوبراو ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ ئەم دوو کەناڵە، بەڵام دوای تەواوبوونی مەشقی یانەکە بەسوپاسەوە راهێنەری گۆڵچی یانەی سەد، سوهێل سابر بەشێوازێکی زۆر جوان داوایەکەی منی بە یاریزان راگەیاند، ئەویش بە دڵێکی فراوان قبووڵی کرد،تەنیا بۆ پێنج خولەك و پرسیارەکانیش هەموو تایبەت بێت بە تۆپی پێ، بەڵام ئەم یاریزانە لە رووی کەسایەتییەوە زۆر سادە و ساکارە و هەردەم دەم بەخەندەیەو داوای هیچ کەسێك رەت ناکاتەوە بۆ وێنەگرتن بە تایبەتی هاندەرانی یانەکە.**

**لە وڵاتی قەتەر گۆڤاری گوڵان وەکو یەکەم گۆڤار و رۆژنامەی کوردستان و عێراق توانی دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەستێرەی تۆپی پێی جیهان رائوول گۆنزالیس سازبکات.**

***ئایا بەنیازیت وەکو یاریزان بگەڕێیتەوە یانەی ریال مەدرید یاخود وەکو راهێنەر؟**

- جارێ نازانم، بەڵام ئێستا من لەقەتەرم و لە یانەی سەد یاری دەکەم و هیچ کێشەیەکم نییە و هەست بەخۆشی دەکەم، لەوانەیە رۆژێك بگەڕێمەوە ریال مەدرید.

*** بەڵام تۆ حەزت لە چییە؟ حەزدەکەیت وەکو راهێنەر بگەڕێیتەوە یانەکە یاخود وەکو بەڕێوەبەری وەرزشیی یانەی شاهانە؟**

- من حەز لە یاری کردن دەکەم، پاش جێهێشتنی یاری دەتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، ریاڵ مەدرید ماڵی منە و حەز دەکەم رۆژێك بێت و بگەڕێمەوە ئەو تیپە، بەڵام ئێستا دەمەوێت لە قەتەر لەگەڵ خێزانەکەمدا چێژ لە کاتەکانمان وەرگرین، هیوادارم لەگەڵ یانەی سەد خولی قەتەر بە دەستبهێنم.

*** ئایا لە قەتەر دڵشادو ئاسوودەیت؟**

- بەڵی دڵشادم بەڵام شێوازی ژیانی ئێرە بۆ منداڵەکانم و خێزانەکەم زۆر جیاوازە، بە بەراورد لەگەڵ ئیسپانیا یاخود ئەورووپا، بەڵام خودی خۆم دڵخۆشم لێرە و چێژ لە رۆژەکانم وەردەگرم.

*** چۆن دەڕوانیتە خولی قەتەر؟**

- هەموو شتێك هەنگاو بە هەنگاو دەبێت، پێویستە ئاستی تۆپی پێی قەتەر بەرزبکرێتەوە و منیش ئامادەم هاریکار بم بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم ئاستە، هەست بەخۆشی دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بە بۆچوونی خۆم یانەی سەد و ئەندامانی یانەکە لە رووی مامەڵەکردن زۆر باشن.

*** لەگەڵ دەستپێکردنی خولی قەتەر ئاستێکی سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکەیت، وا هەست دەکەیت لە کاتی یارییەکاندا لە رووی تەمەنەوە کاریگەریی لەسەر نەکردوویت؟**

- سەرەتا حەز دەکەم ئەوە ڕابگەیەنم کە بەرژەوەندیی گشتی لە پلە یەك دێت ئینجا بەرژەوەندیی تایبەتی، بەڵام پێویستە لە هەموو یارییەکاندا ئاستی بەرز پێشکەش بکەین، خودی خۆم هەر

لەسەر ئەم ئاستە بەرزە بەردەوام دەبم و هیوادارم لە کۆتاییدا یارمەتی یانەکەم بدەم بۆ بە دەستهێنانی خولی قەتەر.

*** چۆن دەڕوانیتە ئاستی هەڵبژاردەی ئیسپانیا؟**

- لە ئێستادا هەڵبژاردەی ئیسپانیا یەکێکە لە باشترین هەڵبژاردەکانی جیهان و لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات، بەو هیوایەی یاریزانەکان بتوانن پارێزگاری لەم ئاستە بکەن، هەرچەندە هەڵبژاردەی فەرەنسا تیپێکی بەهێز و ترسناکی هەیە.

*** بەبۆچوونی تۆ ئاستی ریال مەدرید چۆنە؟**

- ئێستا ئاستی ریال مەدرید زۆر باشە.

*** رات چییە سەبارەت بەو کێشەیە لە نێوان یاریزانان و مۆرینهۆ هەیە؟**

- بەبۆچوونی خۆم مۆرینهۆ راهێنەرێکی زۆر باشە و یانەی ریال مەدرید یاریزانی زۆر باشی هەیە، بۆیە توانییان نازناوی خولی ئیسپانیا بە دەستبهێنن، هیوادارم بتوانن نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بە دەستبهێنن.

*** دوا پرسیارم: پەیامت بۆ خەڵکی کوردستان چییە، کە زۆربەیان سەیری یارییەکانی تۆ دەکەن و هاندەری یانەی ریال مەدریدن؟**

- زۆر سوپاسییان دەکەم، کە هەردەم سەیری یارییەکانی من لە یانەکانی ریاڵ مەدرید و لە شاڵکە و لە یانەی سەد دەکەن، هیوادارم رۆژێك بتوانم سەردانی کوردستان بکەم.

لە کۆتاییدا داوام لێکرد سەردانی هەولێری پایتەخت بکات رائوول بە پێکەنینەوە گوتی: هیوادارم بێت و لەوانەشە بێم بزانم چۆن دەبێت.

دواتر گوتی: هیوای سەرکەوتن بۆ یانەی هەولێر دەخوازم لە جامی یەکێتیی ئاسیا هیوادارم بتوانێت نازناوی پاڵەوانێتییەکە بە دەستبهێنێت.

## رائول گۆنزالێس کێیە؟

- رائوول گۆنزالێس لە ساڵی ١٩٧٧ لە ئیسپانیا لە دایکبووە.
- لە ساڵی ١٩٩٢ پەیوەندی بە یانەی ریال مەدریدەوە کرد، کە ئێستا بە بچووکترین گۆڵکاری ئەم یانەیە دادەندرێت لە مێژوو.
- لە ساڵی ٢٠٠٩ پەیوەندیی بە یانەی شاڵکەی ئەڵمانی کرد، دوو ساڵ لەم یانەیەدا یاریکرد توانی دوو نازناو بە دەستبهێنێت،ئەوانیش جامی ئەڵمانیا و جامی سوپەر ئەڵمانیا
- لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەشداری لە ١٠٢ یاری نێودەوڵەتی کردووە و ٤٤ گۆڵی تۆمارکردووە، بەڵام نەیتوانیوە هیچ نازناوێك بە دەستبهێنێت.
- دووەم گۆڵکاری مێژوویی لە هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەتۆمارکردنی زیاتر لە ٤٤ گۆڵ.
- گۆڵکاری مێژوویی لە یانەی ریاڵ مەدرید بە تۆمارکردنی ٣٢٣ گۆڵ.
- گۆڵکاری مێژوویی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بە تۆمارکردنی ٧١ گۆڵ.
- رائوول یەکەم یاریزانە، کە بتوانێت لە خولەکانی ئەورووپا زۆرترین گۆڵ تۆمار بکات، کاتێك ٧٧ گۆڵی تۆمارکرد.
- زۆرترین یاریزان، کە بەشداری لە یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپایە ١٣٠ یاری.
- خاوەن زۆرترین یاریی نێودەوڵەتییە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا کاتێك ١٠٢ یاریی نێودەوڵەتی ئەنجام داوە.
- خاوەن ژمارەی پێوانەیی لە وەرنەگرتنی کارتی زەرد، کاتێك زیاتر لە ٣٠ مانگ هیچ کارتێکی زەردی وەرنەگرتووە.
- لە مێژووی ژیانیدا وەکو یاریزان تا ئێستا هیچ کارتێکی سووری وەرنەگرتووە.
- لە ئایاری ٢٠١٢ پەیوەندیی بە یانەی سەدی قەتەرییەوە کرد و ئێستاش لە ریزی ئەم یانەیە یاری دەکات

